www.kurdistannet.org
07/01/2002 21:23

# سـەدام نـامە

گۆرینی بە دەست کاریەوە: خالید مەجید فەرەج

هۆ هۆ خەڵكینە باش گوێـتان لێ بێ
شارێك وێرانە، سوڵتانی نە بـێ

ئێستا كە بـۆ خۆم سوڵتـانی ئێـوەم
بۆ فەرمـانداری دایـم بە پـێوەم

بتەكان بشكێـنن نەفامی لا بـەن
نوێژ بەرەو من كەن سەرم بۆ دابـەن

بە ردەوام غەیبم جار جارە نەبـێ
یەكێ نام بینێ بە ختە وەر نە بـێ

لەیلەتول قەدر لە سەر شۆستەكـان
چاوەڕوانم كەن من دێمە لاتـان

ئەوەی بم بینێ ماڵی پڕ نـوورە
دەردو بەڵای خوا لە ئـەو بە دوورە

مندال جێ بـێـڵن بە سكی بە تـاڵ
ژنـتان فڕێ دەن بەبێ پیاو لە مـاڵ

بكەونە شوێنم شوكرانەی خوا كـەن
لە گەڵ بێ هۆ شان خۆتان جودا كـەن

خودا منی نارد سەر لە نوێ و تـازە
مێژوو بنووسم بە شێوەی تـازە

چوونكە بە بێ من مێژوو هیچ نیـە
نووسراوی پێش من هچی ڕاست نیە

هاوشانی یوسف منـم بۆ جوانی
زلێخای شێت كرد، وەها هـەژانی

نەی خولقاندووە خواوەند تـا ئێستا
وەكو قژی من ئـاڵتونی ئاسا

ناو چەوانێكیش نورانی و پـاك بێ
مەگەر هەر لـەلای پێغەمبـەران بێ

چاوە كانیشم بـاخی زەیتون و میوەی بەهە شـتن
لە خودا داواكەن بیـان پارێزێ هەمیشە گەشـبن

هۆ هۆ خەڵكینە ئەوەتام، منم مەجنونی لەیـلا

ژنـتان بنێرن باسکیان، پڕکەم مەوەستن خێرا

پـاش ئـەوان مێردیـان بـێن، سەردانم کـەن

گەلێـك مەمنون بن، گوڵ بارانـم کـەن

کێ خودا ئەی داتێ گەنمی لەشی من، بکاتە نـانێ

وە یان میوەکەی ئەو باخە جوانەم لـە کۆشـی دانێ

لـە شێوەی منا هـەر کـەسێ هـەبێ

مـایەی شەرەفـە هیچ خـەمی نـەبێ

چوونکـە هـەزاران ساڵ , چاوەڕوانـی

مێژوو ژانـگرتی تـامنی هـانـی

هەرخۆم یەکەمم بـۆ ڕێکی و جـوانـی

تـاکە سەرۆکم ئـەگەر نـایـزانـی

من مانگی چواردەو گوڵـی بـێ گەردم

بۆ داهێنانی یەکەم سێدارە، ئەوەڵێن فـەردم

هـەر بـە بیرما بـێ کورسی جێ بـێڵم

یـاتاقم خڕکەم حوکمم نـە هێـڵم

ویژدانـم ئەڵێ ئـامان تـۆ نەی کەی

تـاوانی گەورە لـە مل خۆت ئـە کەی

کـێ بێ لـەدوای تـۆ، بـاوکی میللەت بـێ

بـۆ کوێـرو شەل و نەخۆش، سەنەد بـێ

کـێ بـێ ببەخشێ ژیـان بە مـردوو

مـەلائیکەتیـان بنێرێ لـە دوو

کـێ بـێ لە پاڵتۆی مانگ وە دەرکـەوێ

مـژدانـەی جـەژن هەر بەر ئەو کـەوێ

وەیـان بنێـرێ بـۆ خەلـك بـاران

قـەت تـەواو نـەبێ چاکەی لە سەریان

کـێ بـێ فـەلاقـەی میلـلەتـێ بـکا

هـەر وە کـو مەسـیح گیانیان وشك کـا

کـێ بـێ وەکو گـا میلـلەت بـژێـنێ

وەیان هـەر وەك گـا بشیان مرێـنێ

هـەر بـە بیرما بێ وازیـان لـێ بـێنـم

لـەبـەر فرمێسکم هیچ کەس نـا بینـم

قـەراری خۆم دا پشت بە خوای گـەورە

سـواری مـیـلـلەت بم، تـا دەوران دەورە

©Kurdistan Nêt

هۆ هۆ خەلکینە من خاوەنتانم
ئێوەش وەك بەندەو وەك ئەسپەکانم
فەرشی کۆشکەکەم چۆن لە ژێر پێمە
میللەت هەر وەك ئەو لە بنی پێمە
جارێك بە سوژدە جارێك بە هەڵسان
بڵێن تا سەر بێ حوکمی سەرۆکمان
ئێوە وون ببون من دۆزیمنەوە
غەرقی لافاو بون من قۆزیمنەوە
هیچ مەخوێننەوە من لە جیاتیتان
وا لە سنگمایە کتێبی جیهان
نەکەن بنووسن کاغەز ڕەش بکەن
دیوانی شیعرو ڕۆمان دەر بکەن
هەر خۆم شاعیرم هەر خۆم نووسەرم
هیچ کەس هەڵنەگرێ جێ پێ و ئەسەرم
ئامان قەت نەکەن عەشقی فەیروز بن
گۆرانیەکانی بە دزی ببیستن
وەیان مەزهەرو فەتانەو تایەر
کێ بیان بیستێ دوژمنەو خەتەر
نیەتی ئێوە زۆر باش دەزانم
پیاوی خاوەن هەست من لێ ی بە گومانم
شیعر نە نووسن ئیشی شەیتانە
خاوەنی لای من چاری نەمانە

نەکەن بە بێ پرس خۆ لە گۆڕ بنێن
وەیان لە شینا قوڕ لەسەر بنێن
ئای ئەوە لای من، چ تاوانێکە
سەر پێچی گەورەو ڕێ لادانێکە
دەبێ بێ دەنگ بن کە من قسەم کرد
قورئان هی خوایە و قسەی من دەس کرد
لە جێگەی ئەوا دەبێ دابنرێ
بەدەستی دەسنوێژ دەستی بۆ ببرێ
سرودێ مناڵ کە ئەی ڵێنەوە
لەعەشقی ژینا کە ئەتوێنەوە
ئادەی جەندرمە زوو بێ دەنگیان کەن

من ڕاوەستاوم بۆچ شەرم ناکەن
نیشتمان چییە ئەگەر من نەبم
ئەو وەسفەش لابەن منی تیا نەبم
هەرچی بوون هەیە، واقیان وڕماوە
نەئەقڵ و نە هۆش هیچیان نەماوە
دەڵێن کێ وەك ئەو جوان و تە نیایە
گۆیێ پڕ نوور بێ کە دایکی تیایە
من لە ناو سێو دام لە کونی شمشاڵام
گۆرانیە خۆش بێ منی لە پاڵام
لە گۆڕەپانان وێنەکەم هەڵخەن
لەووشەی ناسك چەترم بۆ هەڵدەن
کام کچۆڵەیەی کە زۆر قەشەنگە
بۆمی بهێنن زوو بن درەنگە
هەر منم پیری نازانم چیە
جەستەم کاملێ هەرگیز بۆ نیە
بەندی خانەکان وەکو خۆم وانە
کۆت و زنجیریان بەردەوام جوانە

دەزگای داپلۆسین لە مەملەکەتما
ئاوی حەیاتیان خواردوە لەتەکما
هۆ هۆ خەڵکینە گەر نیقاب لابەم
ئەسڵم بناسن ڕاستی بە یانکەم
حە جاجم گیانی ئێوەم بە دەستە
گەیوە کەللەتان بڕینیم مە بەستە
وەکو جەنگیز خان هاتوومە گیانتان
نێزەو کەلەپچەو سەگم، تێ بەر دان
دڵ گران نەبن لە بێ ڕەحمی من
لە چاو هەڵکۆڵین یاخود لە کوشتن
من دەتانکوژم چوونکە پێم وایە
ژیانتان قەتلی منی لە دوایە
ژێر خاکتان بنێم بە کۆ مەڵ چاکە
دەنا دەم نێژن دەڵێن زوحاکە
ڕۆژنامەی ئەمڕۆ وەك تیاترۆ وایە
نوقتەی زوعفی ئەو لە پارە دایە

چی بانقم هەیە دەرگای والاکەن

هەر کەس پیا هەڵدام گیرفانی پڕکەن

هەرچی کاغەزی سفت و جوان هەیە

بۆ منی بکڕن ئیشم بەمە یە

لەگەل قەڵەم و چاپخانەی تازە

ئەوانە م هەبێ ئیشی من سازە

ئا لە م چەرخەدا پەنجەش دەفرۆشن

قەڵە م هەڵدەگرن ماستاو دەفرۆشن

خۆ م هیلاك نا کە م کام بیر ە م بوێ

میوەکەی دەکڕم دای دەنێم لەوێ

شاعیرێ بێنن جوانی بکولێنن

لە گەڵ خواردنا بۆمی بهێنن

من هیچ نازانم نە خوێندەوارم

بۆ یە لە شیعری ڕاستی بێزارم

ئەو شاعیرانەی بۆ فرۆشتنن

هەمویان بکڕن هێشتا هەر کە من

دانیان بۆ ڕۆکەن با بێنە پێشێ

هێندە م پیا هەڵدەن تادەمیان دێشێ

بەرگی گۆڤارو کتێب تەرخان کەن

بەوێنەکانم دیمەنیان جوان کەن

کا م سە ما کەرە، کامە ئەکتەرە

وەکو من جوانەو تیشکی لە سەرە

چی لە زەویە و هەرچیش لە ئاسمان

بۆ کڕین ناشێ و ناگاتە دەستمان

بچن بیهێنن من ئەوەم دەوێ

نە بمە خاوەنی دڵم ناسرەوێ

بە کیلۆ ئافرەت بکڕن، بۆ م بێنن

ئەوانەی کەوا دڵان ئە فڕێنن

هەنگوینیش بکڕن پێویستە بۆ من

ئەوەندە بکڕن با نە یەت لە بن

هەرچیەکم بوێ بە دۆلار هەیە

لە جیاتی بانقێ سەد بانقم هەیە

شیعری کۆن و نوێ بە پارە ئەکڕم

کێ باشم نەڵێ من لێوی ئـەبـڕم
ئـەو ملـیۆنـانەی وان لە قـاسە دا
یـان ئەو زێـڕانەی وان لە کۆگـەدا
میراتی کۆنی بـاب و بـاپیرمن
بویە وائێستا لـە خزمەت منن
لـە کام کتـێبەی گران بـە هایە
وەیان قیمەتی قـەت دوایی نـایە
تیایا بنوسن لـەو پـەڕاوانە
بـەشکم بـەئێوە، بکەن متمانـە
بـێن و ببـیـستن گشت ئـافەریـدە
کە چەرخم ئـێستا چەرخی ڕەشیـدە
هـۆ هـۆ جەماوەر ئـێوە گوێ بگرن
من ڕۆحی پاکم چاك قـەدرم بگرن
تۆزی مێـژوتـان لـێ ئە تـە کێنـم
کرمی نەفامی لە مێشك دەر دێـنم
مەلان لە ئاسمان هیـچ جووڵـە ناکەن
دەنگ خۆشی وەك من دەنگی تۆمارکەن
هێندە بـە سۆزو عـاتـیفە دارە
لـە لایە... کەمـان لە لایە.. تـارە
ئێوە سەیرم کەن چەنـدە بە ڕەنگم
وەك ئەکتەرەکان دایم بە ڕەنگم
دەم بـە پێکەنین وێنەی من بگـرن
بـادۆست خەنی بـن دوژمنم بمرن
وێنەی من وەکو مۆنـالیـزایە
بزەی سەر لێوم کۆتـایی نـایە
ڕەنگ و روخسارم ڕقـی لـێ نـایە
هەروەك مریـەمی دایکی عیسـایە

لـێم وورد ببنەوە بزانـن چۆنم
وەکو گوڵـە باخ جوان و بـە بۆ نم
کاتێ سەر ئەبـڕم ملان ئەشکێنم
وەیـان پێکەنین لـە زار ئە فرێنم
کۆرپەی یەك مانگان لە شیر ئەبڕم
لە جیاتی باوکی سکی هەڵـئـەدڕم

©Kurdistan Net

وێنه م بۆ بگرن جوانترین شێوه
یەك لـەسەر كورسی یەكێك بە پێوه
كاتێ كـه كەڵبە م لەشیعر گیره
مژینی خوێنی ئەلف و بێم بیره
گرتنی وێنەكه م فەرامۆش نـەكەن
با گەلی هەژار گلەیی نـه كەن
كاتێ زەیتونێ دەبێ بـه بەرگم
وەك گۆم وەستاوم هەمیشه مەنگم
شمشێرو گەڵاو تاجی سەر شانم
لێم دەبنه خۆشی و مایەی ژیانم
ئەم جاره دەبێ وێنه م وا بگرم
بەو دارەی دەستم ژیان ڕابگرم
میللەت سەرتاپا وێنەكەم بكرن
لـەژوری نووستن لەجامی بگرن
وێنەم بۆ بگرن لـه كاتی ڕاوا
كه ئاسك ئەكوژم ئەگری لەتاوا
هەرچی گیانداره بەو شاخانەوه
موڵكی باپیرمن بۆ من مانەوه
كاتێ لەسەر شان من هەلتان ئەگرم
جێگاتان لەلای مردوو بۆ ئەگرم
هونەر مەندێ بێ بگرێ وێنه كه م
ئەیكەمه هاوڕێم خەلاتی ئەكەم
هۆ هۆ خەڵكینه چاك گوێتان لێ بێ
خەونێك نەبینن ئاگام لێی نەبێ
گەر نانێك بخۆن به بێ پرسی من
ئێوه دائەنێم لـه جیاتی دوژمن
خوێندنەوەی شیعر به دزی تاوانه
جوابم بۆ دێنن ئەو چۆلەكانه
دەزگای ئاسایش زۆر ئازاو وریان
دایم هەست ئەگرن ڕاسته خه بەریان

له ژنی سك پڕ ئـه كۆڵنەوه
باسی ناو رەحمیان ئه هێننەوه
گوڵه گەنمێ چەند دەنكی تیابێ

©Kurdistan Net

هەواڵی لامە تـا( ئە منم )مـابێ

لە م مە ملە کەتە خاوەن زیـنـدانم

لە هە مان کاتدا خۆم لە زیـنـدانم

ئەبـێ ببـورن من وام لـە کۆشکـا

نابینم گوڵێـك نە ئەستـێرەیە نە خۆر لێم ئەدا

ئەو کاتـەی کە وا کورسیم ڕافڕانـد

هێـشتا منداڵ بووم، کۆلارەم دەفڕاند

پیاوەکانی سێرك دەورەیـان لـێ دا م

هـەریە ك بە چەشـنێ زوڕنـای بۆ لێ دا م

یەکـێ بە تەپـل یە کێ بە شمشاڵ

ئەی گوت پایەی تـۆ بـبێ بەر کە ماڵ

ڕاوێـژ کـارانـم لەژمارە نـایەن

لـە کۆشکە کە مدا بە پلە و پـایـەن

هەرچی من بـیـڵێـم ناڵێـن وا نیـە

ئەڵێـن زیرەکیت ئەندازەی نیـە

وەزیرەکانـیش نـایەن بە سەر مـا

بـێـن و ڕاوێـژێك بکەن لـە گـەڵما

فەرمـانـێـك کەوا، من دەری بکـەم

جێ بە جێی ئە کەن بە زیاد، نەك بەکە م

باڵوێـزەکانـیش، لـە دوور وڵاتـن

تەنهـا چاوەڕێی پـارەو خەڵاتـن

ڕۆژێـك لە ڕوومدا نەیان ووت نابێ

حوکمڕانی ڕاست کەی ئەبێ وابـێ

ئەو ئافرەتانەی لە گەڵما ئە نـوون

دایـم حازرن ئەوانـیش مە منـون

یەکـێـکیان نە بوو بڵـێ من نایـەم

دوور بێ لە پارە و دوور بێ لە پایـەم

ئەوانە هە موو منـیان وا لـێ کـرد

لە ژێـر پـێی منا، خۆیان کرد بە پـرد

نـا گەڕیمەوە بۆ دنیـای خەیـاڵ

خـۆم بە جەوهەر دی میلـلەتـیش بەتـاڵ

هـێـندە هەڵیـان دام کردمیان بە خواوەند

بۆیە لای عالەم وا خۆم کـرد بە پە نـد

لێـم بـبورن گـەر ببمە هۆلاکـۆ

©Kurdistan Nêt

هەزاران هەزار بکوژم بە بـێ هـۆ

من لـە بەر کوشتـن نـاکوژم هیچ کـەس

کوشتـن لـەلای من بۆ یـاریە و بـەس

<u>تێبینی:</u>

ئە م هۆنراوەیە لەنووسیـنی شاعیـر ( نزار قبانی )یە کە لەژێر نـاوی (السیرە الداتیە لسیاف عربی) نوسیویەتی بە باشم زانی بیکە م بـە کوردی هاوینی ساڵی ١٩٩١ لە شاری سلێمانی بەکوردی بە ناز نـاوی میران بڵاوم کردەوە. ئەوەی گرنگە بیڵێم وەرگـێڕانی شیعر وەکو خۆی کارێکی مەحاڵە بۆیە هەوڵم دا بە کەمێـك دەسکاریەوە بە بێ شێواندنی ئەسڵی دەقەکە بەزمانێـك وەری بگێرم زۆربەی زۆری خەڵـك تێی بگـەن چونکە شیعرەکە سیاسیە پەیوەندی تەواوی بەبارو زوروفی گەلانـی عێراقەوە هەیە و بەتایبەتی بە گەلی کوردەوە.

وەرگـێڕ..

©Kurdistan.Net